# سەردەمێکی سەیر

سەعد محەمەد ڕەحیم
لە عەرەبییەوە: بەختیار ئەحمەد ساڵح





> **کتێبی (سەردەمێکی سەیر)کورتەیەکی چڕی دووبارە وێناکردنەوەی مێژووی تاکەکەسییە بە باکگراوندی زنجیرەیەك شەپۆل و کودەتا و ڕووداوگەلێکی سەرنجڕاکێش و باڵا و هەندێکیش خەمناك و تۆقێنەر**

حەز بە خوێندنەوەی ئەو ژیاننامانە دەکەم، کە باس لە خەبات و چارەنووسی چەند کەسێك دەکات لە گێژەنی وەرچەرخانە گەورە مێژووییەکاندا. ئەو کتێبانە چێژێکی زۆر بە مێشك و ویژدان دەگەیەنن و سەرباری ئەوەی سەرچاوەیەکی لێنەبڕاوی زانیاری و نهێنییە بە شێوەیەك دەتوانین بڵێین، کە نووسینی لەو چەشنە دەچێتە خانەی نووسینی شایەتحاڵێك لە سەر سەردەمەکەی. لەو بارەیەوە باس لە سێ کتێبی سێ گەورە نووسەر دەکەم: کتێبی یەکەم: «دەرەوەی شوێن» لە نووسینی ئێدوارد سەعید، کە تێیدا باس لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری، گواستنەوەکانی خێزانەکەی، گەشتەکانی، پێوەندییەکانی، خوێندن و دوورخستنەوەی دەکات. گێڕانەوەیەك تێیدا باس لە ڕیشەکێشکردن و ونبوونی کەسێکی فەڵەستینی دەکات. گێڕانەوەیەك، کە تێیدا باس لە ئازارەکانی گەلێك دەکرێت لە ڕێگەی خێزانێکەوە، کە بە دەر لە ویستی خۆی، خۆی لە شوێنێکی تر دەبینێتەوە. کتێبی دوەم: «جیهانی دوێنێ» لە نووسینی ستیڤان سڤایج، کە تێیدا باس لە دۆخی ئەورووپا دەکات بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم، ئەو کاتە کە باوەڕ وابوو سەردەمی جەنگ ئیتر بە سەر چوە و ناگەڕێتەوە، تا ئەو کاتەی کە جەنگێکی وێرانکەر دەست پێ دەکات، کۆتایی بە ئومێدی کۆمەڵگا خۆرئاواییەکان دەهێنێت و ڕێگە خۆش بکات بۆ سەرکەوتنی فاشیزم و نازیزم، ئەو دوو هێزەی کە هۆکار بوون بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانیی دوەم. کۆی ئەمانە لە دیدی نووسەرێکی تیژبینەوە دەبینین، کە ئەویش سڤایجە کە وەك سەعید شتگەلێکی زۆرمان لە بارەی منداڵی و کاتی خوێندن و ژیانی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەوڵی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە لە بواری داهێنان و دوا جار وای لێ دێت، کە نەمسا بە جێ بهێڵێت و لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر هەڵبێت، تا لە بەڕازیل دەگیرسێتەوە و لەوێ لە ژێر کاریگەریی نائومێدیدا خۆی دەکوژێت.

ئەگەر شەوقی گەڕانەوە بۆ شوێنی یەکەم و هەوڵی بەدەستهێنانەوەی پاڵنەر بێت، تا ئێدوارد سەعید ژیاننامەی خۆی بنووسێت و بەو گێڕانەوەیە فەڵەستین ڕووبەڕووی گێڕانەوەی ئیسرائیلی بێتەوە، بەڵام شەوق بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوویەکی خۆش بەر لە کارەساتی جەنگ پاڵنەر بوو بۆ سڤایج، سەرباری ئەوەی، کە زەمانی بەسەرچوو هیچ کات لە ئەندێشەی سەعید دوور نەکەوتوەتەوە، ئەو شوێنەیش کە سڤایجی لێ دوور خرایەوە بەردەوام لە ناو زەینیدا زیندوو بوە.

کتێبی سێیەم، کە دەچێتە خانەی ئەو دوو کتێبەی ترەوە، کتێبی (سەردەمێکی سەرنجڕاکێش)ە: گەشتێکی تەمەن لە

سەدەی بیستەمی نووسەر ئەریك هۆبزباوم، کە لە لایەن معین ئەلئیماموە کراوە بە عەرەبی و دارئەلمەداوە لە ساڵی 2007 لە دیمەشق چاپی کردوە. لەم کتێبەدا هەست بە ترپەی دڵی مێژووی هاوچەرخ دەکەین و شەپۆلەکانیشی دەبینین: خۆشی و ناخۆشییەکانی لە دووتوێی ژیاننامەی هۆبزباوم بیریاری چەپ و مێژوونووسی بەناوبانگی جیهان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا. دەڵێت «زۆرینەی ساڵەکانی سەدەیەك ژیام، کە بە یەکێك لە جوانترین و ترسناکترین سەدەکان دادەنرێت.» هۆبزباوم پسپۆڕ بوو لە گەڕان و هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی مێژووی نوێ لە دیدێکی زانستییەوە لە سەدەی هەژدەهەمەوە بە سوودوەرگرتن لە مارکسیەت و داهێنراوە نوێکانی بوارە زانستیە جیاجیاکان بەتایبەت زانستی ئابووریی نوێ و مێژووی ئابووری، کە بە بواری پسپۆڕیی هۆبزباوم دادەنرێت. ئەو قۆناغەی کە ئەو ئیشی لە سەر دەکات، تێیدا شۆڕشگەلێکی گەورە روویان دا: (شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمەریکا، شۆڕشی بەلشەفی لە رووسیا)، هۆبزباوم لە بارەی ئەو شۆڕشانەو مێژووی سەرمایەدارییەوە نووسی بە وێستگە یەك لە دوای یەکەکانی، هەروەها سەدەی بیستەم ناو دەبات بە سەدەی ئەوپەڕی کۆتاییەکان و لەو بارەیەوە کتێبێکی نووسی. سەبارەت بە کتێبەکەیشی (سەدەیەکی سەیر)، ڕەنگە ویستبێتی بەم کتێبەی وەڵامی پرسیاری شوناس بداتەوە و شوێن و پێگەی تاک دیاری بکات لە کات و جیهاندا... ئومێدەوار بوو کە کتێبەکەی وەك: دەروازەیەك بخوێنرێتەوە بۆ ناوازەترین سەدە لە جوانی لە مێژووی مرۆڤایەتی دا لە دووتوێی گشتیی تەنها مرۆڤێك، کە ناکرێت ژیانی لە سەدەیەکی تردا بێت». هۆبزباوم دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکە تایبەتەکەی بە ڕێگەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش. ئەو بە پیری لە وێنەیەکی کۆن دەڕوانێت، کە تێیدا لەگەڵ چەند برا و هاوسێیەکیدایە، لە ڕێگە جیاوازەکانی ژیانیان دەڕوانێت لەم گەردوونە تراژیدییەی ئەم سەدەیەدا: «پێنج منداڵ لەگەڵ دوو کچی تازە پێگەیشتوو لە بەرانبەر کامێرایەك بەر لە هەشتا ساڵ لە سەر سەربانی خانوویەك لە ڤیەننا، بێ ئاگا هەر وەك باوك و دایکەکانیان لەوەی، کە بە پاشماوەکانی شکست گەمارۆ دراون: ئیمپراتۆریەتی وێران و ئابوورییەکی لە بەر یەك هەڵوەشاو، هەر وەك باوك و دایکیان درکیان بەوە نەدەکرد، کە دەبوایە ڕێگەی خۆیان بکەنەوە لە سەختترین و توندترین و وێرانکارترین کاتی مێژوودا».

لە کتێبی (سەردەمێکی سەیردا) هۆبزباوم درامای سیاسی و بوونگەرایی لە سەدەی بیستەمدا دەخاتە ڕوو بە هەر دوو دیوی تراژیدی-کۆمیدی دا لە دیدێکی تایبەتەوە هەوڵ دەدات لە قورسیی ئەو ڕێگایەنە کەم بکاتەوە، کە هاوسەردەمی ژیاوە وەك مێژوونووس شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی کردوە بۆ دوو سەدە پێش سەدەی بیستەم. ئەم کتێبە کورتەیەکی چڕی دووبارە وێناکردنەوەی مێژووی تاکەکەسییە بە باگراوندی زنجیرەیەك شەپۆل و کودەتا و ڕووداوگەلێکی سەرنجڕاکێش و باڵا و هەندێکیش خەمناك و تۆقێنەر، واتە کۆکردنەوەیە لە نێوان ئەو داهێنانە مەزنانەی مرۆڤایەتیدا، کە شێوەی ژیانی مرۆڤیان بەرەو باشە گۆڕیوە و ئەو تاوان و کوشتارە بە کۆمەڵ و جەنگانەی، لە ماوەی سەد ساڵدا 180 ملیۆن کەسیان کردوەتە قوربانی لە سەرتاسەری جیهاندا و ڕۆشنایی دەخاتە سەر ژیانی هەندێك لەو کەسە نەخۆشانەی، کە مەیلیان هەیە بۆ کوشتن و لەناوبردن. ئەوەی کە ژیانی هۆبزباوم جیاواز دەکات ئەوەیە، کە ئەو هەر لە منداڵییەوە خۆی ڕاهێناوە لە سەر زمان و کەلتوور و ژیارگەلێکی جیاواز، کە کاریگەرییەکی جۆراوجۆر و ئاڵۆزیان لە سەر کەسایەتییەکەی داناوە ئەگەر چی سەرجەمیان لە ئۆقیانووسی خۆرئاوای ئەورووپا بوون، هەر بۆیە ئەویش دەبوایە لە ژێر سایەی ئەوەی، کە چارەنووسی خستوەتە بەر دەستی و هەڵوێستی خۆی دیاری بکات و

بژاردەکانی یەکلایی بکاتەوە، دوا جار پێگەی خۆی دیاری بکات لە سەر نەخشەی کەلتووری ئەورووپیی جیهانیی سەدەی بیستەم. ئەو سەدەیەی کە لە بارەیەوە دەڵێت: درەنگ دەستی پێ کرد لەگەڵ جەنگی جیهانیی دوەم لە ساڵی 1914 و زوویش کۆتاییی پێ هات لە ساڵی 1991 لەگەڵ هەرەسهێنانی بلۆکی کۆمۆنیزم و سەرهەڵدانی سەردەمی جیهانگیری. لەگەڵ دروستکردنەوەی ئەزموونی خۆی بە پێویستی زانی بپرسێت «لە سەر چۆنێتیی جیاکردنەوەی یادەوەری لە نێوان ئەوەی ئێستا دەیزانم وەك مێژوونووس، ئەوەیش کە بیری لێ دەکەمەوە دوای تەمەنێك لە تێڕامانی سیاسی و مشتومڕی سیاسی».

لە باوکێکی جوولەکەی بەریتانی بوو، لە ڤیەننا لە دایك بوو بەشێك لە سەردەمی لاوێتیی تێدا بە سەر برد بەر لەوەی بۆ هەمیشە بە جێی بهێڵێت لە ساڵی1931. ڕەگەزنامە ئینگلیزییەکەی پاراستی لەوەی، کە جوولەکەیە لە وڵاتێکدا کە ئەوپەڕی ڕقی لە جوولەکەیە و لە هەمان کاتدا هەر ئەو ڕەگەزنامەیە پاراستی لەوەی، کە هەستی نەتەوەیی وەك جوولەکەیەك بەهێز بێت، هەر بۆیە بە بێ دوودڵی بۆچوونی خۆی دەڵێت لە سەر پرسگەلێکی وەك ئایینی زایۆنیزم و ئیسرائیل و دەڵێت: «هیچ هەستوسۆزێك وام لێ ناکات پەیڕەوی لە ئایینێك بکەم کە بەر لە من پەیڕەویی لێ کراوە، بە هەمان شێوە ناچار نیم، کە پابەندی پشتیوانیکردن لە دەوڵەت-نەتەوەیەکی بچوك بکەم، کە لێوانلێوە لە گیانی جەنگخوازی و لە ڕووی کەلتوورییەوە جێگەی نائومێدییە و لە ڕووی سیاسییشەوە شەڕانگێزە و داوام لێ دەکات، کە هاوسۆز بم لەگەڵی لە سەر بنەمای ڕەگەز و نەژاد». حەزی بە بواری مێژووی نوێ و سیاسەت و بیری مارکسی و پیشەی وانەگوتنەوە و نووسین بوو. پێوەندیی کرد بە پارتی کۆمۆنیستی بەریتانیاوە و یەکێك بوو لە دیارترین سەرکردە و بیریارەکانی.

پێوەندیکردنی بەو پارتە و هەندێك لە ئەندامەکانی لە وڵاتێکی پێشکەوتووی سەرمایەداری وەك بەریتانیا هۆکار بوو بۆ دروستبوونی بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنی پیشەکەیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دڵسۆز بوو بەرانبەر بە بیرۆکە و بژاردە سیاسییەکانی سەربای ئەوەی، کە بۆ خۆی کەسێکی دەمارگیر نەبوو. لە کاروباری سیاسەت و ڕووداوەکاندا بۆچوونی سەربەخۆی هەبوو تا ئەو ئاستەی، کە پێوەندیی تێکچوو لەگەڵ هاوڕێکانی لە پارتی کۆمۆنیست، بەڵام دەرنەکرا. ئەوان زۆر پێویستیان بە ناوبانگ و پێگە ئەکادیمییەکەی بوو، تا لە ڕێگەیەوە پارتەکەیان بەهێز بکەن. سەرباری ژیان لەگەڵ جەنگی جیهانیی دوەم، هۆبزباوم بینەری جەنگی ساردیش بوو لە نێوان ئەمەریکا و یەکێتیی سۆڤیێتی زلهێز لە سەرەتای پەنجاکانەوە. هەرزەکار بوو کاتێك کە هیتلەر دەسەڵاتی گرتە دەست. لەبەر ئەوەیش خۆی یەکلایی کردبووەوە وەك مارکسییەك، لەگەڵ هاوڕێکانیدا دڵنیا بوون لەوەی: «سەرکەوتنیان مسۆگەرە و لە داهاتوودا لە کتێبەکانی مێژوودا دەنووسرێتەوە». لەو قۆناغەدا باس لەو سەرمەستییە بە کۆمەڵە دەکات، کە لەگەڵ هاوڕێکانیدا هەستیان پێ دەکرد، ئەو سەرمەستییەی کە لە باوەڕیان بە کۆمۆنیزمەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەو باوەڕەی کە لە دیدی ئەوانەوە پێنج بنەمای هەبوو: «بەزەییهاتنەوە بە چەوساوەکاندا، سەرنجڕاکێشی سیستەمێکی بێ کەموکوڕ، مەتریالزمی دیالەکتیك، هەندێك لە دیدی بلەیك بۆ قودسی نوێ، دوژمنایەتیی زۆر بۆ بیرۆکەی پارێزگارانە». ئەم باوەڕە کە جۆرێك لە ڕۆمانسیەتیشی تێکەڵە باڵی کێشا بە سەر بەشێکی زۆر لە ژیانی، بەر لەوەی خۆی بدۆزێتەوە لە وڵاتی دایك کە ئینگلتەرا بوو هەڵبێت لەو دۆزەخەی کە هیتلەر دروستی کردبوو لە ناو و دڵی ئەورووپادا. دواتر هۆبزباوم بە هۆی ئەزموونەکانی ژیانی و تێبینییە وردەکانی لە سەر هەلومەرجی سیاسیی زۆرێك لە بۆچوونەکانی گۆڕی، بەڵام هیچ کات پشتی لە مارکسیەت نەکرد وەك مەرجەع.

## جیهانگیری و دیموکراسی و تیرۆر

زۆرترین پرسگەلێك، کە نووسەر و بیریارانی بۆ ماوەی چەند ساڵێك بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد لە سەدەی بیستەمدا پێوەندیدار بوو بە ململانێی چینایەتی و سۆسیالیزم و سەرمایەداری و فاشیزم و جەنگی سارد و جووڵانەوەی ڕزگاریخواز و داگیرکردن و... هتد. ئەڵبەتە ئەو دۆخە لە نەوەدەکاندا گۆڕا دوای ئەوەی، کە بایەخپێدانەکان ئاڕاستەیەکی تری وەرگرت لە ژێر کاریگەریی ئەو گۆڕانکارییانەی نەخشەی جیۆسیاسیی کیشوەرەکانی گۆڕی، بە تایبەت دوای هەرەسهێنانی بلۆکی سۆسیالیزم و هەستانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هاوپەیمانەکانی بە دەرکردنی بڕیارگەلێکی ستراتیجی بە شێوەیەکی تاکلایەنە لەمەڕ ژیانی مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا.

دروستبوونی جیاوازیی چینایەتی لە نێو کۆمەڵگەکاندا، دەرکەوتنی جووڵانەوە بنەماخوازەکان، بوون بە دیاردەی توندوتیژیی هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دروستبوونی شێوەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێوان سیاسەت و ئابووری، سەرجەم ئەم گۆڕانکارییانە هۆکار بوون بۆ دروستبوونی فەرهەنگی زمانی نوێ (هەندێکیان نوێ و هەندێکی تریش مانای تری لە خۆ دەگرت) کە باڵی کێشا بە سەر زمانی بیر و ڕۆشنبیری و کەلتوور و ڕاگەیاندن و زانستە مرۆیییەکان... تێکڕای ئەم باسە بەشێکە لەوەی کە کتێبەکەی ئەریك هۆبزباوم (جیهانگیری و دیموکراسیەت و تیرۆر) باسی دەکات، کە لە لایەن خانەی عەرەبی بۆ زانست و نێوەندی جزیرە بۆ لێکۆڵینەوە چاپ کراوە لە بەیروت ساڵی 2009 و لە لایەن ئەکرەم حەمدان و نەزهەت تەیب کراوە بە عەرەبی.

هۆبزباوم بیریار و مێژوونووسێکی مارکسیی بەناوبانگە، کە خاوەن نووسینگەلێکی زۆر دیارە لەوانە (سەردەمی شۆڕش، سەردەمی سەرمایە، سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان و سەردەمی توندڕەوی).

هۆبزباوم خاوەن باگراوندێکی مەعریفیی بەربڵاوە، کە لە ژیانی خۆیەوە هەڵی هێنجاوە بەو پێیەی، کە هاوسەردەمی دیاردەکانی سەردەمەکەمان بووە، سەرباری تێبینیکردنی وردی ڕووداوە گەورەکانی سەردەمەکەمان بەر لە جەنگی جیهانیی یەکەم، تا حاڵی حازر و ئەمەیش کردوویەتی بە گەواهیدەرێك بە سەر سەردەمەکەمانەوە. هۆبزباوم تەواوی ئەو ڕووداوە گەورانە بە شێوەیەکی ئەکادیمی شی دەکاتەوە بە پشتبەستن بە ئەزموونی خۆی لە بواری لێکۆڵینەوە مێژوویییەکان بە شێوەیەك، کە هەر دیاردە و ڕووداوێك دەخاتەوە چوارچێوەی خۆی، تا بتوانێت بە ئاسانی لێی تێ بگات و هەڵی بسەنگێنێت.



**دروستبوونی جیاوازیی چینایەتی لە نێو کۆمەڵگەکاندا، دەرکەوتنی جووڵانەوە بنەماخوازەکان، بوون بە دیاردەی توندوتیژیی هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دروستبوونی شێوەیەکی نوێ لە پێوەندیی نێوان سیاسەت و ئابووری**




*Eric Hobsbawm*

لە مەڕ هەر دوو بابەتی جەنگ و ئاشتی، هۆبزباوم دەڵێت: کە سەدەی بیستەم خوێناویترین سەدە بوە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، کە تێیدا بە هۆی جەنگەوە (187 ملیۆن) کەس گیانیان لە دەست داوە. بەر لەم سەدەیە جیاوازی لە نێوان جەنگ و ئاشتی زۆر دیار بوە، بەڵام لە دوای نیوەی دوەمی سەدەی بیستەمەوە، هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان کێشمەکێشە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکاندا لاواز بوو ئیتر بوو بە شتێکی باو، کە دەوڵەتە بەهێزەکان دەستوەر بدەنە کاروباری وڵاتانی ترەوە، هەروەها هیچ جیاکارییەك نەما لە نێوان ئاشتی و جەنگدا تەنها لە هەندێك شوێن نەبێت لێرەولەوێ، بۆ نموونە جەنگی جیهانیی دوەم نە بە ڕاگەیاندنی جەنگ دەستی پێ کرد، نە بە ڕێککەوتنێکی ئاشتی کۆتایی پێ هات لە کاتێکدا، کە هیچ دەسەڵاتێك نەبوو نییەتی باش بێت و بتوانێت کۆنترۆڵی ململانێ چەکدارییەکان بکات، یاخود چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە بە شێوەیەك، کە تەنها دەوڵەتە ناوچەیی و نەتەوەییەکان بوون، کە دەیانتوانی کاروبارە سیاسی و سەربازییەکان یەکلایی بکەنەوە. سەرباری ئەوەی کە ئەو دەوڵەتانە ئیتر بە تەنها دەسەڵاتیان نییە بە سەر هێزی چەکداردا، لە هەمان کاتدا مانای سەرەکیی ڕەوایەتیشیان لە دەست داوە، ئەو ڕەوایەتییەی کە سەردەمانێك هەیانبوو. بەو پێیەی لە بەرانبەردا کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلێکی چەکدار دروست بوون، کە توانایان هەبوو چەك بە دەست بهێنن و ببنە خاوەن

سەرچاوەی دارایی خۆیان، ململانێی دەسەڵاتی دەوڵەتەکان بکەن بە ئامانجی دەستگرتن بە سەر سەرچاوەکانی سامان و ناوچە ستراتیجییەکان.

تێبینیکردنی هەنگاوە خێراکانی مێژوو، گۆڕانە ترسناکەکانی ژیانی مرۆڤ لە لایەن هۆبزباومەوە، ترسێکی لە لا دروست دەکات لە سەر چارەنووسی مرۆڤایەتی و ژینگە تا ئەو ئاستەی، کە ئیتر ناکرێت بزانین کە بۆ کوێ دەچین. لە کاتێکدا کە بازاڕی ئازادی بەجیهانیکراو ناکرێت کۆنترۆڵ بکرێت و بوەتە هۆی تێکدانی پێوەندیی نێوان دەوڵەتەکان. دواتر ئەو جیاوازی و ناکۆکییانە بەرفراوان دەبن و دەبنە پەناگەی سروشتی بۆ ستەم و ناسەقامگیری.

ئەگەر تەواوبوونی جەنگی سارد ئەو زەمینەیەی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕەخساند، کە ببێتە تەنها دەوڵەتی زلهێز لە جیهاندا، بەڵام سیاسەتی جیهانیی ئەمەریکا بە ئاراستەی ناوەوەیە نەوەك دەرەوە، ئەگەر چی کاریگەرییەکانی لە سەر سەرتاسەری جیهان زۆر و پڕ تێچوون بوە، لەبەر ئەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆگرامی ئەوەی نییە، کە ئیمپراتۆریەتێك بەرهەم بهێنێت، بەڵکوو بە بۆچوونی هۆبزباوم، کە پێی وایە ئەم بۆچوونە لە مەترسیی ئەمەریکا کەم ناکاتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تا ئەو کاتەی کە ئەمەریکا بەردەوامە لە سەر نانەوەی شەڕ و ئاژاوە ئەو مەترسییە بەردەوامە بەو پێیەی، کە هێزێکی ناعەقڵانییە و لە دەرەوەی کۆنترۆڵە». پڕۆژەی ئەمەریکا بۆ زیندووکردنەوەی نموونەی ئیمپراتۆریەت لە سەدەی بیستویەکەمدا، چارەنووسەکەی هەر تێکشکانە لە داهاتوودا.

هۆبزباوم لە کتێبی ئاماژەپێکراودا باس لە پاڵنەرەکانی ئەمەریکا دەکات بۆ کردنی سەدەی بیستویەك بە سەدەی ئەمەریکا. هەوڵەکانی ئەمەریکا لەو بارەوە دەگەڕێتەوە بۆ چوار گۆڕانکاری، کە بە سیمای دیاری جەنگی سارد دادەنرێت کە بریتین لە:

1. جیهانگیری و ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی کە لێی کەوتەوە و لە سەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە گریمانەی ئەوەی لێ دەکرا، کە بەرەو تەقینەوە بڕوات لە بەرانبەر بەربەستی چالاکی سیاسی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی.
2. تێکچوونی پارسەنگی هێزە نێودەوڵەتییەکان، وەك زەمینەسازی بۆ هەڵاوسانی جەنگی جیهانی و ناوچەیی و کەوتنەوەی وێرانی و بێ سەرەوبەرەیی.
3. لاوازبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی وەك نموونەیەکی جیهانی بە حوکمڕانی، کە ئیتر وای لێ هات کە دەسەڵاتی تەواوی نەبێت بە سەر خاکەکەیدا.
4. زیندووکردنەوەی شێوە کۆنەکانی کارەساتە جیهانییەکان و سەرهەڵدانی کارەساتی نوێ وەك ڕاگواستنی بەکۆمەڵ، پاکتاوی نەژادی، بڵاوبوونەوەی نەخۆشیگەلێکی وەك ئایدز، ئەنفلۆنزای باڵندە و کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

ئەگەر جیهان پێویستی بە چارەسەرگەلێك بێت، کە سنوری نەتەوەیی دەوڵەتەکان تێ بپەڕێنێت، سیاسەتمەدارە ئەمەریکییەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی گونجاو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمێکی گۆڕاودا جیاواز لەوەی، کە زەمینەی ڕەخساند بۆ دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا.

لێرەدا هۆبزباوم دەست دەکات بە بەراوردکردنی سروشتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیی ئاوابوو، هەروەها ئمپراتۆریەتی ئەمەریکی هەڵهاتوو. یەکەمینیان لە سەدەی نۆزدەهەم پشت دەبەستێت بە هێزی دەریایی لە سەدەی نۆزدەهەم، دەستگرتنیشی بە سەر دەوڵەتەکاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوە، لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشت بە هێزی ئاسمانی دەبەستێت بە پشتیوانیی ئەو بنکە سەربازییانەی، کە لە تەواوی جیهاندا بڵاو بوەتەوە و هەوڵ بۆ جۆرێك لە هەژموونی ئابووری دەدات. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا هەر دوو هێزەکە دەستیان گرت بە سەر ئابووریی پیشەسازیی جیهان «نەك لەبەر توانای بەرهەمهێنانیان»، ئەڵبەتە ئابووریی بەریتانیا بە بەراود بە ئابووریی وڵاتانی

تر لە ئاستێکی مامناوەندا بوو، تەنانەت ئەو کاتەی کە یەك لە سەر چواری ئابووریی جیهان لە ژێر کۆنترۆڵی دا بوو. لە کاتێکدا کە ئابووریی ئەمەریکا ئەگەر چی لە سەر ئاستی جیهان گەورەتر بوو، بەڵام نە ئەو کاتە و نە ئێستایش ئەو پێوەندییەی نەبوو لەگەڵ ئابووریی جیهاندا. ئەمەریکا زیاتر لە بەریتانیا پشتی بە سەرچاوە و بازاڕە ناوخۆییەکانی خۆی بەستبوو، ئێستا یەکێکە لەو ئابوورییانەی کە کەمترین پشتی بە بازرگانی بەستوە لە جیهاندا، تەنانەت کەمتر لە ناوچەی یۆرۆ. ئەم دوو هێزە لە رووی کەلتوورەوە کاریگەریی زۆریان هەبوە بە هۆی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزییەوە، ئەڵبەتە هەژموونی کەلتووری هیچ کات بەڵگە نەبوە بۆ هێزی ئیمپریالی. هۆبزباوم دەگاتە ئەو دەرەنجامەی، کە ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکی بە پێچەوانەی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بە بەردەوامی پشتی بەستوە بە هێزی سیاسی. جوگرافیا و پەرەسەندنی دیمۆگرافی تا ئاستێکی زۆر پێکهاتە و سروشتی هەر دوو ئیمپراتۆریەتەکەیان دیاری کرد، بۆ نموونە بەریتانیا سەرباری رووبەرە دیاریکراوەکەی کەسی بۆ نیشتەجێبوون دەنارد بۆ داگیرگەکانی لە کاتێکدا، کە ئەمەریکا تا ئەمڕۆکە پەنابەر وەردەگرێت بەو پێیەی، کە خاوەنی رووبەرێکی بەرفراوانە. بەم شێوەیە ئەوەی کە هێزی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای جیا دەکردەوە لە دەرەوەی خاکەکەی، داگیرکاری نەبوە، هەروەها بەڕێوەبردنێکی ناڕاستەوخۆ نەبوە لە چوارچێوەیەکی داگیرکارانە بۆ حوکمڕانییەکی ڕاستەوخۆ، بەڵکوو پشتی بەستوە بە سیستەمی دەوڵەتی پاشکۆ و ملکەچ. گۆڕانکارییەکانی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم وردە وردە کۆتاییی هێنا بە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، کە ئەویش دوا جار لە لەگەڵیدا خۆی گونجاند. لێرەدا هۆبزباوم دەپرسێت: ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەم وانەیە فێر دەبێت، یاخود چنگ گیر دەکات لە پێگەیەکی روو لە ئاوابوون بە هێزی سەربازیی سیاسی و سیستەمێکی جیهانی بڵاو ناکاتەوە، بەڵکوو کێشە بەرەوپێشچوونێکی ژیاری پێشکەش ناکات، بەڵکوو دواکەوتوویی دروست دەکات.

هۆبزباوم دۆخی سیاسیی جیهان باس دەکات لە ساڵی 1917، ئەو کاتەی کە زۆرینەی ئەوروپییەکان لە ناوچەگەلێکدا دەژیان، کە بەشێك بوو لە ئیمپراتۆریەتەکان بە پێی مانای شاهانە، یاخود داگیرکارانە لە سەدەی نۆزدەهەم، بەڵام ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە و ژمارەی دەوڵەتە سەربەخۆکان دوو هێندە زیاد بوون. سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان بە بێ قەرەبووکردنەوەیەکی چالاکانە کۆتاییان هات، ئەوەتا ئەمڕۆکە سەیری دواوە دەکەین لە پەنجەرەی سەدەیەك، کە لێوانلێوە بە کێشە و مەینەتی و بێ بەرییە لە سیستەمێکی ڕێژەیی هاوشێوەی سەردەمی جەنگی سارد. هۆبزباوم ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە داگیرکاری توانیبێتی شارستانیەت و پێشکەوتنی بۆ گەلە دواکەوتووەکان بهێنێت، لە ڕاستیدا لە دوای سەردەمی داگیرکاری سیستەمگەلێکی نیشتیمانیی ستەمکاری جێگەی داگیرکەریان گرتووەتەوە. تەنانەت هەندێك لە ئیمپراتۆریەتەکان زۆر بەخشندەتر بوون لەمەڕ پرسگەلێکی وەك فرەیەتی و زمان و ئایینی و ڕەگەز بە بەراورد بەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی، کە لە دوای دەوڵەتە داگیرکەرەکان دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست.

ئەگەر سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان بە بێ گەڕانەوە کۆتاییان پێ هات، ئەوا بە پێی بۆچوونی هۆبزباوم پێویستە ڕێگەگەلێکی تر بدۆزینەوە بۆ ڕێکخستنەوەی جیهان لە سەدەی بیستویەکەمدا.

**سەرچاوە:**

پاشکۆی (المنارات)ی ڕۆژنامەی (المدى)